# وەقایعی کوردستان

ڕۆژنامەی ڕەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٥١)ساڵی بیستەم ٧/ تەمموز /٢٠٢٠/ زاینیی ١٦/ پوشپەڕ/ ٢٧٢٠ /کوردی ١٦/ ذو القعدة / ١٤٤١ کۆچی

251

لەم ژمارەیەدا :

**بڕیاری ژمارە (٥٠)ی ساڵی ٢٠٢٠ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ل ١

تایبەت بە کەمکردنەوەی خەرجییەکان و زیادکردنی داهاتی گشتی

**بڕیاری ژمارە (٥١)ی ساڵی ٢٠٢٠ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ل ٦

تایبەت بە لێخۆش بوون لە (کرێی و پیبژاردن و باجی داهات و کارەبا)

**بڕیاری ژمارە (٦١)ی ساڵی ٢٠٢٠ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ل ٧

تایبەت بە مـووچـە

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی٢٠٢٠وەزارەتی پەروەردە** ل ٩

ڕێنمایی تایبەت بەخوێندن وفێرکردنی پەروەردەی پیشەیی لەقۆناغی بنەڕەتی

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی٢٠٢٠وەزارەتی پەروەردە** ل ١٦

ڕێنمایی تایبەت بە پەیمانگەی فێرکاری وپیشەیی ناحکومی لەهەرێمی کوردستان

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی تەندروستی** ل ٢٩

ڕێنمایی تایبەت بەهەموارکردنی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦
و ڕێنمایی ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠١٤

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٣٢

ڕێنمایی تایبەت بەڕێکخستنی دەوامی فەرمانبەری شارستانی و ئەفسەر
و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ

ناونیشان: هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد.
☎: (٢٢٤٥٥٠٨-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥١٤)

http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٥١) السنة العشرون ٧/ تموز / ٢٠٢٠ ميلادي ١٦/ پوشپەڕ / ٢٧٢٠/كوردي ١٦/ ذو القعدة /١٤٤١ هجري

251


The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region, Publishing by Ministry of Justice

في هذا العدد:

فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط


| | |
|---|---|
| قرار رقم (٥٠) لسنة ٢٠٢٠ رئاسة مجلس الوزراء | ص ١ |
| قرار رقم (٥١) لسنة ٢٠٢٠ رئاسة مجلس الوزراء | ص ٦ |
| قرار رقم (٦١) لسنه ٢٠٢٠ رئاسة مجلس الوزراء | ص٧ |
| تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٠ وزارة التربية | ص٩ |
| تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٢٠ وزارة التربية | ص ١٦ |
| تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٠ وزارة الصحة | ص ٢٩ |
| تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٢٠ وزارة الداخلية | ص ٣٢ |



No. 251 Date: July , 7 , 2020 Vol.: 20



چاپخانەی شەهاب هەولێر

العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل
(٢٢٤٥٥٠٨-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥١٤):

http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

**ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ٣٢٦٤ لە ٢٠٢٠/٦/١**

## بڕیار
## ژمارە(٥٠)ی ساڵی ٢٠٢٠

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی(هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢هەموارکراو ، و لە پێناوی کەمکردنەوەی خەرجییەکان و زیادکردنی داهاتی گشتی و دابینکردنی مووچە و شایستەی دارایی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان ، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٢٧)لە ٢٠٢٠/٥/٥ ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە :

**یەکەم: لە بواری کەمکردنەوەی خەرجییەکان:**

١- خەرجکردنی تەنها ڕێژەیەك لە مووچە و دەرماڵەی خاوەن وەزیفە باڵاکان و پلە تایبەتەکان لە بوارەکانی خزمەتی شارستانی و سەربازیی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە گشت دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان لە (سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێم و سەرۆکایەتی و ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجومەنی دادوەریی و سەرجەم دادوەران و داواکارانی گشتی و ئەنجومەنی پارێزگا وئاسایشی گشتی و ئەنجومەنی ئاسایش)و ئەوانەی بەو پلانە خانەنشین کراون یان خانەنشین دەبن.

٢- جێبەجێکردنی بڕگەی(١)ی سەرەوە بەپێی خشتەیەك دەبێت لە چوارچێوەی ڕێنماییەك کە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە بە هەماهەنگی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەردەچێت و لە مووچەی مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٢٠ەوە جێبەجێ دەکرێت بۆ خانەنشینانی ئەو پلانە لەگەڵ خەرجکردنی مووچەی مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٢٠ی فەرمانبەران دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

٣- خەرجکردنی تەنیا مووچەی بنەڕەتی بۆ ئەو خاوەن وەزیفە باڵا و پلە تایبەتانەی کە لە بەڕێوەبەری گشتی بەرەو سەرەوەن و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان لە پارێزگار و قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکە(معوم)ن و پێویستە لەسەر وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ماوەی(٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی گەیشتنی ئەم بڕیارە بە وەزارەتیان چارەنووسی وەزیفییان لە چوارچێوەی یاسای چاکسازیی ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠٢٠یەکلایی بکاتەوە.

٤- پێویستە وەزارەتی دارایی و ئابووری لەگەڵ خەرجکردنی مووچەی مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٢٠ و بەدواوە مووچە تەنیا بۆ ئەو کەسانە خەرج بکات کە لە داتابەیسی تۆماری بایۆمەتری مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان تۆمارکراون .

٥- کەمکردنەوەی بودجەی بەکاربردن (التشغیلیه) بۆ نزمترین ئاست بە جۆرێك تەنیا بوارە سەرەکییەکانی خەرجی بگرێتەوە وەکو(بواری دابینکردنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی و تاقیگەیی و خواردنی نەخۆشخانە و زیندانییەکان و خانەی بەساڵاچووان و نەوجەوانان ومنداڵان و شێڵتەرەکانی ژنان و پاککردنەوەی شار و شارۆچکەکان و نەخۆشخانەکان و پێداویستییەکانی ئاو و کرێی ویستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان) و پێدانی دەسەڵات بە وەزیری دارایی و ئابووری بۆ دەرکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەم بڕگەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران .

٦- پەیڕەوکردنی سیستمی نوێی ئۆنلاین کە لەلایەن تیمی ڕاوێژکاریی لە نووسینگەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئامادەکراو ، بۆ خەرجکردنی بودجەی بەکاربردن(التشغیلیه) لە پێناو برەودان بەشەفافییەت و کەمکردنەوەی ڕۆتین .

٧- ڕاگرتنی هەمووجۆرە خەرجییەك لە سەر بودجەی وەبەرهێنان (پڕۆژەی وەزارەتەکان و پەرەپێدانی پارێزگاکان و پڕۆژەکانی دیکەی بودجە جۆراوجۆرەکان)

٨- پێداچوونەوە بە نەسریە و پێشینەی وەزارەت و سەرجەم دامەزراوەکانی هەرێم لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و ئابووری بە ئاڕاستەی کەمکردنەوەی بۆ نزمترین ئاست .

٩- ڕاگرتنی هەموو جۆرە خەرجییەکی ڕاستەوخۆی وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت لەسەر بەشە داهاتی خۆیان .

١٠- پێداچوونەوە بە خەرجییەکانی خزمەتگوزاریی بواری نەوت و گاز لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و بە هەماهەنگی وەزارەتی دارایی و ئابووری و لە ژێر چاودێری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران .

١١- وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەو بڕگانەی سەرەوەدەردەکات .

**دووەم : لە بواری ڕێکخستنەوە و زیادکردنی داهات :**

١- ڕێکخستنەوەی ئەو خزمەتگوزارییانەی لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بە شێوەی گرێبەست لە دەروازە سنوورییەکان پێشکەش دەکرێن بە جۆرێك ، دەبێت داهاتی ئەو خزمەتگوزارییانە بۆ بەرژەوەندی گشتی بێت بۆ ئەم مەبەستەش ، پێویستە لەسەر لیژنەی پێکهاتوو بەپێی فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (٧٠٧) لە ٢٠٢٠/٣/٢٢ بەسەرۆکایەتی وەزیری دارایی و ئابووری کاری پێویست ئەنجام بدات و ڕاپۆرتی کۆتایی خۆیان پێشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران بکەن لە ماوەیەك کە لە ٢٠٢٠/٦/١٥ تێپەڕ نەکات .

٢- هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم ئەو لێخۆشبوونانەی کە دراون لە ڕەسمی گومرگ و باج کە لەگەڵ یاسا و ڕێنماییەکاندا ناگونجێن بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لەسەر لیژنەی پێکهاتوو بەپێی فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان ژمارە(٧٠٨) لە ٢٠٢٠/٣/٢٢ بە سەرۆکایەتی وەزیری دارایی و ئابووری کاری پێویست ئەنجام بدات و ڕاپۆرتی کۆتایی خۆیان پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران بکەن لە ماوەیەك کە لە ٢٠٢٠/٦/١٥ تێپەڕ نەکات .

٣- کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنورییەکان بە مەبەستی ڕێگری لە هەر کارێکی نایاسایی کە زیان بە داهاتی گشتی بگەیەنێت بۆ ئەم مەبەستەش ، پێویستە لەسەر لیژنەی هەمیشەیی پێکهاتوو بەپێی فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان/ فەرمانگەی یاسایی ژمارە(٢٩٠٩) لە ٢٠٢٠/٣/٢٢ بە سەرۆکایەتی وەزیری ناوخۆ کاری پێویست ئەنجام بدات و ڕاپۆرتی بەردەوامی خۆیان سەبارەت بە بەرەوپێشچوون و ئاستەنگەکان پێشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران بکەن .

٤- پابەندکردنی کۆمپانیا ناوخۆییەکانی بواری نەوت و گاز ، کۆمپانیاکانی بواری پاراستنی ئاسایش و کۆمپانیاکانی بواری پەیوەندی و ئینتەرنێت و پرۆژەکانی نیشتەجێبوون بە پێدانی باج لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکاندا بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لەسەر لیژنەی پێکهاتوو بەپێی فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان ژمارە(٧٠٦) لە ٢٠٢٠/٣/٢٢ بە سەرۆکایەتی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران کاری پێویست ئەنجام بدات و ڕاپۆرتی کۆتایی خۆیان پێشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران بکەن لە ماوەیەك کە لە ٢٠٢٠/٦/١٥ تێپەر نەکات .

٥- ڕێکخستنەوەی میکانیزم و ئەو لایەنانەی کە ڕسوماتی خزمەتگوزاریی وەزارەتەکان بە شێوەی گرێبەست کۆدەکەنەوە بە جۆرێك کە لە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتیدا بێت بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەی پێکهاتوو بە پێی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / ئەنجوومەنی ئابووری ژمارە(٢٤٠٩) لە ٢٠٢٠/٣/١ بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کاری پێویست ئەنجام دەدات .

٦- سەپاندنی باج لەسەر هاوردەکردن و پاڵاوتنی بەرهەمە نەوتییەکان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری و بە هاماهەنگی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان .

٧- پێویستە لەسەر وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە ماوەیەکی گونجاودا کە لە ٢٠٢٠/٦/١٥ تێپەڕ نەکات ڕاپۆرتێك بەرزبکاتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بە پۆڵێنی سەرجەم ئەو زەوییە کشتوکاڵییانە کە زێدەڕۆییان لەسەر کراوە ، سەرەڕای تێداچوونەوەی ئەو زەوییە کشتوکاڵییانەی بە گرێبەست بەکرێدراون لە ڕووی نرخ و شێوازی گرێبەست بۆ ئەوەی وەك سامانێکی نیشتمانیی مامەڵەیان پێوە بکرێت .

٨- هەڵوەشاندنەوەی تەرخانكردنی زەوی لەلایەن دەستەی وەبەرهێنان بۆ ئەو پڕۆژانەی مۆڵەتی وەبەرهێنانیان پێدراوە ، بەڵام دەستیان بە جێبەجێكردنی پڕۆژەكان نەكردووە و وەرگرتنی ڕێكاری یاسایی پێویست بەرامبەریان لەبەر ڕۆشنایی یاسای وەبەرهێنان ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠٠٦ و پێویستە لەسەر دەستەی وەبەرهێنان ئەم بڕگەیە جێبەجێ بكات لە ماوەیەك كە لە (٣٠) سی ڕۆژی كار تێپەڕ نەكات لە ڕێكەوتی گەیشتنی ئەم بڕیارە بە دەستەكەیان .

٩- هەڵوەشاندنەوەی تەرخانكردنی زەوی كە بە موساتەحە دراون ، بەڵام دەستیان بەجێبەجێكردنی پڕۆژەكان نەكردووە .

١٠- تاپۆكردنی سەرجەم ئەو زەوییانەی كە بەشێوەی كارت تەرخانكراون بۆ هاووڵاتییان لەلایەن هەردوو وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و وەزارەتی داد / بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمار خانووبەرە .

١١- تاپۆكردنی یەكەكانی نیشتەجێبوون لە پڕۆژەكانی وەبەرهێنان بە ناوی هاووڵاتیان لەلایەن هەردوو وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و وەزارەتی داد / بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماری خانووبەرە و دەستەی وەبەرهێنان .

١٢- پێداچوونەوە بە نرخی خزمەتگوزاریی كۆمەڵگەكانی نیشتەجێبوون لەلایەن لیژنەیەكی هاوبەش بە سەرۆكایەتی نوێنەرێكی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار كە پلەكەی لە (بەڕێوەبەر)كەمتر نەبێت و نوێنەری پارێزگاكان و ئیدارە سەربەخۆكان بەپێی تایبەتمەندێتی جوگرافی و دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێكردن .

١٣- جەردكردن و پۆلێنكردنی سەرجەم موڵكومالّی وەزارەت و دەستە و لایەنەكانی نەبەستراو بە وەزارەت و سەرجەم دامەزراوەكان لە هەرێمی كوردستان لەلایەن خودی ئەم دامەزراوانەوە و ناردنی وێنەیەكی ئەم تۆمارانە بۆسەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەكان و خانووبەرەی میری سەر بە وەزارەت و دەستنیشانكردنی ئەو موڵكو ماڵانەی كەشایەنی فرۆشتنن بەپێی یاسای فرۆشتن بەكرێدانی موڵكومالّی دەوڵەت بۆ ئەوەی وەك سەرچاوەیەك بۆ داهاتی گشتی مامەڵەیان پێوە بكرێت

١٤- وەرگرتنی سەرجەم قەرزە بازرگانییەكان بە سوودی بانكییانەوە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری لەبەر ڕۆشنایی یاسای چاكسازیی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠.

١٥- پەسەندكردنی پڕۆژەی پێشكەشكردنی خزمەتگوزاریی دابەشكردنی كارەبا كۆكردنەوەی كرێی خزمەتگوزاریی كارەبای بەشداربووان لە لایەن كۆمپانیای پسپۆڕی كەرتی تایبەتەوە لەبەر ڕۆشنایی یاسا و ڕێنماییە كارپێكراوەكان و لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران .

١٦- پەسەندکردنی پڕۆژەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ کڕینەوە و بە بازاڕکردنی گەنمی جووتیارانی هەرێمی کوردستان لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەپێی ئەو پرۆژەیەی لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ئامادەکراوە و پرۆژەکە لە ژێر سەرپەرشتی چاودێری حکومەت جێبەجێ دەکرێت بە مەبەستی پاڵپشتیکردنی کەرتی کشتوکاڵ و جووتیاران.

١٧- داشکاندنی رێژەی ١٥% لەسەدا پازدە لەو پێشینانەی حکومەت کە لەلای هاووڵاتییانە وەک (پێشینەی خانووبەرە پێشینەی هاوسەرگیری و قەرزی بچووک و پێشینەکانی بانکی کشتوکاڵی و پێشینەی پڕۆژەکانی پیشەسازی و گەشتیاری ) بە مەرجێک هاووڵاتییان ئامادە بن تا رۆژی ١٥ تەمموزی ٢٠٢٠ تەواوی بڕی پێشینەکان بۆ حکومەت بگەڕێننەوە، و ئەم بڕگەیە قەرزە بازرگانییەکان ناگرێتەوە کە بە کۆمپانیا و بەڵێندەر و وەبەرهێنەران دراون وەک ئاسانکاریی بانکی لەلایەن بانکە بازرگانییەکانەوە بەڵکو بەپێی بڕگە (١٤) ی سەرەوە مامەڵە دەکرێت

**سێیەم:** سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و دەتوانن ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبە جێکردنیان دەربکەن

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە: ٣٢٦٥ لە ٢٠٢٠/٦/١**

**بڕیار**

**ژمارە(٥١)ی ساڵی ٢٠٢٠**

پشتبەست بە ئەحكامی ماددەی(هەشتەم) لەیاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هە رێمی كوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هە موارکراو، و لە پێناوی سووككردنی بار و گوزەرانی ئەوانەی بە هۆی ڕێكارەكانی خۆپارێزی لە كۆرۆنا زیانمەند بوون ، و لە بەر ڕۆشنایی كۆنووسی كۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٧) لە ٢٠٢٠/٥/٥ ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:-

١- لێخۆشبوون لەكرێی كرێچی موڵكەكانی حكومەتی هە رێم بۆ مەبەستی بازرگانی یان پیشەسازی یان كشتوكاڵی یان هەر مەبەستێكی دیكە ، بۆ ئەو ماوەیەی كە نەیتوانیووە بەشێوەی ئاسایی بەكاری بهێنێت بەهۆی داخستن بەپێی ڕێكارەكانی خۆپارێزیی لەڤایرۆسی كۆرۆنا یان قەدەغەی هاتووچۆ .

٢- بەخشینی هاووڵاتییان لە دواكەوتنی پێبژاردن كە كەوتووەتە ئەستۆیان لە ئەنجامی پابەندنەبوونی یاساییان بەرامبەر بە دامەزراوە فەرمییەكانی حكومەتی هە رێم ، ئەگەر وادەی پابەندبوونەكەیان كەوتبێتە ئەو ماوەیەی كە بڕیاری قەدەغەی هاتووچۆی تێدا دراوە ، وەك ڕێكاری خۆپارێزیی.

٣- دواخستنی وەرگرتنەوەی بڕی گوژمەی سەر هاووڵاتییان بۆ بەرژەوەندیی دامەزراوە حكومی و شارەوانییەكان لە ماوەی قەدەغەی هاتووچۆ بەبێ ئەژماركردنی هیچ سوود و پێبژاردنێكی دواكەوتن بۆ ئەو ماوەیە .

٤- لە سەر وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئایینی پێویستە ڕێكاری یاسایی پێویست بگرێتە بەر بەرامبەربە كرێچی مۆڵكەكانی ئەوقاف لە ژێر ڕۆشنایی بڕگەكانی ئەم بڕیارەدا .

٥- بڕی (١٥%) لەسەدا پازدە دادەشكێندرێت لەو بڕە پارەیەی كە كرێچی دەیدات لە كرێی ئاو و كارەبا كە دەكەوێتە ئەستۆی قەرزدار پێش دەرچوونی ئەم بڕیارە ، ئەم داشكاندنە بەردەوام دەبێت تاكو ٢٠٢٠/٦/١٥.

٦- پێویستە لەسەر فەرمانگەكانی باج ماوەی قەدەغەی هاتووچۆ و ماوەكانی داخستنی شوێنە بازرگانی و پیشەسازی پیشە تایبەتەكان و هەروەها چالاكییەكانی دیكە كە دەكەونە ژێر باری باجی داهات ، هەژمار نەكەن وەك ماوەی چالاكی بۆ بەدەستهێنانی داهات كە دەكەونە ژێر باری وەرگرتنی باج بە هەموو جۆرەكانییەوە.

٧- وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەكان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەكەن.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران**

**ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە: ٣٨٧٧ لە ٢٠٢٠/٦/٢٤**

## بڕیاری ژمارە(٦١)ی ساڵی ٢٠٢٠

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی(هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢هەموارکراو ، و بەڕەچاوکردنی ئەو داهاتەی کە ئێستا لەبەردەستی وەزارەتی دارایی و ئابورییە کە بەراورد بە خەرجییەکانی مووچە و شایستەی دارایی مووچەخۆران ، کورتهێنانێکی بەرچاوی تێدایە ، بۆیە بەمەبەستی خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو کورتهێنانە کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتنی ناردنی بەشە بودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی فیدراڵی و لێکەوتە دارایی و ئابوورییەکانی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کە سەرتاسەری جیهانی گرتەوە بەهەرێمی کوردستانیشەوە ، ئەمە سەرەڕای دابەزینی نرخی نەوت ، و لەبەر ڕۆشنایی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٣١)لە ٢٠٢٠/٦/٢١ ، ئەنجومەنی وەزیران لە دوای دیراسەکردنی گشت ئەگەرەکان بڕیاری دا بە :

**یەکەم:**

أ- تەمویلکردنی ڕێژەی ٧٩٪ ( لەسەدا حەفتا و نۆی ) خەرجییەکانی مووچە و شایستەی دارایی مووچە خۆران و خانەنشینانی گشت وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و سەرجەم سەرۆکایەتی و دامەزراوەکانی هەرێم .

ب- ڕاگرتنی تەمویلکردنی ئەو ڕێژەی ٢١٪ ( لەسەدا بیست و یەکەی ) دەمێنێتەوە لەلایەن وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لەسەرجەم مووچە خۆران و خانەنشینان جێبەجێ دەکرێت بەڕەچاوکردنی زۆریی و کەمی شایستەی دارایی .

ج- خەرجکردنی ١٠٠٪ ( لەسەدا سەدی ) شایستەی دارایی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان ، و زیندانیانی سیاسی ، و کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ، و ئەو مووچەخۆر و خانەنشینانەش کە شایستەی داراییان (٣٠٠) سێسەد هەزار دینار و خوار ترە .

د- بەدەر لە بڕگەکانی سەرەوە، خەرجکردنی تەنیا ڕێژەی ٥٠٪ ( لەسەدا پەنجای) شایستەی دارایی ڕاسپێردراوان بە خزمەتی گشتی و خاوەن وەزیفە باڵاکان و پلە تایبەتەکان لە ( سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکانیان و ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرەکان و ئەوانەی بەپلەی ئەوانن وبریکارەکانی وەزارەت و ئەوانەی بەپلەی ئەوانن و ئەوانەی مووچەی بریکاری وەزارەت وەردەگرن وخاوەن پلە تایبەتەکان وئەندامانی ئەنجومەنی دادوەری و دادگای پێداچوونەوە و سەرجەم دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و گشت ئەو کەسانەی بەپێی خشتەی کارپێکراوی مووچە، مووچە و دەرماڵەی هەردوو پلەی باڵا (أ)و(ب) وەردەگرن لەسەر میلاکی شارستانی وسەربازی و ئەنجومەن ودەزگای ئاسایش وهێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ )

هـ- بڕگەی(د)ی سەرەوە ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە بە پلە و وەزیفانەی لەو بڕگەیەدا هاتوون خانەنشین کراون ، یان لە دوای جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبن بەو پلە وەزیفانە .

**دووەم :**

أ- پێویستە وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەربکات .

ب- میکانیزمی هاتوو لە بڕگەکانی ئەم بڕیارە ، ڕێکارێکی کاتییە و بۆ خۆ گونجاندنە لەگەڵ کورتهێنان و تەنیا بۆ مووچەی ئەمجارەیە کە دابەش دەکرێت .

ج- گشت وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بەوەزارەت و سەرجەم سەرۆکایەتی و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بڕگەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لەبەر ڕۆشنایی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری ، و بەڕەچاوکردنی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی بۆ خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەکاتی دابەشکردنی مووچە .

**سێیەم :**

ڕاسپاردنی لیژنەی باڵای دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ ئەنجامدانی ڕێکاری پێویست بۆ گەیشتن بە ئەنجام بە ئاراستەی دابینکردنی ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان .

**چوارەم :**

ڕاسپاردنی وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ وەرگرتنی ڕێکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ کە لە سەرەتایی مانگی تەمموزی ٢٠٢٠ دا دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە .

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی پەروەردە**

**ژمارە :(٥٦٢٩) لە ٢٠٢٠/٦/١٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە بەندی (١٣) ماددەی (٩٣)ی سیستەمی خوێندن و فێرکردنی پیشەیی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٧ ، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :-

## ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی٢٠٢٠

## ڕێنمایی تایبەت بە خوێندن و فێرکردنی پەروەردەی پیشەیی لە قۆناغی بنەڕەتی

**ماددەی (١):**

**أ- ناساندنی زاراوەکان:-**

**وەزارەت:**- وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**وەزیر:**- وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان

**بەڕێوەبەری گشتی:**- بەڕێوەبەری گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی.

**بەڕێوەبەرایەتی:**- بەڕێوەبەرایەتی فێرکردنی پیشەیی لە وەزارەت

**قوتابخانە:**- قوتابخانە بنەڕەتیەکانی خوێندن و فێرکردنی پەروەردەی پیشەیی تێدایە.

**کارگێری:**- بەشی کارگێری پیشەیی لە قوتابخانە بنەڕەتیەکان.

**سەرپەرشتیار:**- سەرپەرشتیاری پەروەردەی پیشەیی.

**یاریدەدەر:**- یاریدەدەری هونەری

**مامۆستا:**- مامۆستای پیشەیی.

**ڕاهێنەر:**- ڕاهێنەری هونەری لە بواری پیشەیی

**ب- مەبەست لە پەروەردەی پیشەیی:-**

فێرکردنی پیشەیی لە قۆناغی بنەڕەتی کە بە پەروەردە پیشەییەکان دەناسرێت، سەرەتاکانی فێرکردنی پیشەیی دەخوێنرێت بەشێوەی **(تیوری و کرداری)** کە بە شەکانی (**سیرامیک ، کانزاکان ، دارتاشی ، چنین ، گوڵ دروست کردن ، کارەبا ، وێنەی ئەندازەیی.......**) شان بەشانی وانەکانی بنەڕەتی وەک وانەیەکی سەربەخۆ دەخوێنرێ بۆ هاندانی قوتابیان و خوێندکاران بۆ ئەوەی لە دوای قۆناغی بنەڕەتی بچنە ئامادەییە پیشەییەکان.

**ماددەی (٢): پەروەردەی پیشەیی ئەم ئامانجانە دێنێتەدی:**

١- ئاشناکردنی قوتابیان بە ئامێرو کەرستەکان و شێوازی پاراستنیان لە ڕێگەی ڕاهێنان.

٢- گەشەپێدان و توانای قوتابیان لە بواری پیشەدا.

٣- ئاشناکردن وئارەزوو خوازی قوتابیان بۆ ئامادەییە پیشەییەکان.

٤- شارەزا بوون لە چۆنیەتی خۆپاراستن لە کاتی کارکردنی پیشەدا.

**ماددەی (٣): بەشی کارگێڕی پیشەیی پێک دێت لە:-**

**یەکەم :** یاریدەدەری هونەری

**أ- یاریدەدەری هونەری (پیشەیی) :**

بەمەبەستی زیاتر ڕێکخستنی کاروبارەکانی پەروەردەی پیشەیی یاریدەدەرێکی هونەری دادەنرێت بە هەماهەنگی بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیاری پەروەردەی پیشەیی، پێوستە دەرچووی زانکۆی تەکنیکی بێت خزمەتی زیاتر لە (٥) ساڵ بێت وەک مامۆستای پیشەیی، لە کاتی نەبوونی دەرچووی زانکۆی تەکنیکی دەرچووی پەیمانگایی تەکنیکی دابنرێت خزمەتی (٧) ساڵ کەمتر نەبێت بەدەر لە ڕێژەی یاسایی یاریدەدەری قوتابخانەکانی تر.

**ب/ ئەرکەکانی یاریدەدەری هونەری**

١- دانانی پلانی ساڵانەی پێشخستنی پیشەیی.

٢- ڕێکخستنی میلاکی پیشەیی.

٣- بە دوا داچون و سەرپەرشتی دەوامی مامۆستایان و فەرمانبەرانی پیشەیی.

٤- بە دوا داچون و سەرپەرشتی چالاکیی و وانە پیشەییەکان.

٥- بە دوا داچون و سەرپەرشتی ئامێروکەل وپەلەکانی پەروەردەی پیشەیی.

٦- بەر پرسە لە سەرجەم تۆمارەکانی بەشی پەروەردەی پیشەیی .

٧- دابەشکردنی وانەکان بەپێی پسپۆری و بەشەوانەکان.

٨- سەرپەرشت و بە دواداچوون بۆ چۆنیەتی وتنەوەی وانەکان.

٩- ووتنەوەی بەشە وانەی دیاری کراو هاوشێوەی یاریدەدەرانی قوتابخانە بنەڕەتیەکان.

**ج- مەرجەکانی دانانی یاریدەدەر:**

لە کاتی دانانی یاریدەدەری هونەری پیشەیی دەبێت سەرپەرشتیاری پەروەردەی پیشەیی کەسێک دەست نیشان بکات بەپێی ئەو مەرجانەی لە خوارەوە دیاری کراون لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا فەرمانی کارگێری بۆ دەردەچێت:

١- یەکێک بێت لە میلاکی مامۆستایانی پیشەیی.

٢- پێویستە بڕوانامە و ساڵانی خزمەت و هەڵسەنگاندن ڕەچاو بکرێت وەک لە ماددەی (سێیەم/ یەکەم/ أ)ی ئەم ڕێنماییەدا هاتووە.

٣- توانای بەڕێوەبردن و چاودێری کردنی هەبێت و کەسێکی پەروەردەیی بێت.

٤- پێویستە کارگێڕی قوتابخانەکە پەسەندی بکەن.

**دووەم :** مامۆستای پیشەیی

**أ- مامۆستای پیشەیی :**

مامۆستای پیشەیی دەبێت دەرچووی زانکۆی پسپۆری پیشەیی بێت لە کاتی نەبوونی دەرچووی زانکۆ بۆ پسپۆری پێویست دەکرێت سوود لە دەرچووانی پەیمانگاکانی تەکنیکی + دەرچووی ئامادەیی پیشەیی وەربگیرێت بەم مەرجانەی خوارەوە بۆ کردنیان بە مامۆستایی پیشەیی:-

- دەرچووی پەیمانگایی تەکنیکی دەبێت چوار ساڵ خزمەتی هەبێت لە پسپۆری دیاریکراو وانەی تیۆری و کرداری ووتبێتەوە.
- دەرچووی ئامادەیی پیشەیی دەبێت پێنچ ساڵ خزمەتی هەبێت لە پسپۆری دیاریکراو وانەی تیۆری و کرداری ووتبێتەوە.

**ب - ئەرکەکانی مامۆستا:**

١- پابەند بوون بەدەوامی فەرمی.

٢- پۆشینی جل وبەرگی کارکردن.

٣- پابەند بوون بەپرۆگرامی خوێندنی پیشەیی.

٤- هەبوونی پلانی ساڵانە و ڕۆژانە (دفتر خطة)

٥- بەشداری کردن لە سەرجەم چالاکی و پێشانگەکانی پەروەردەی پیشەیی.

**سێیەم :** ڕاهێنەری هونەری

**أ- ڕاهێنەری هونەری**

یاریدەدەری مامۆستای پیشەییە وانەکانی تیوری و کرداری لە پەروەردە پیشەییەکان دەڵێتەوە پێویستە دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی یان ئامادەیی پیشەیی بێت ساڵانە هەڵبسەنگێندرێت بەپێی ڕێنماییەکان.

**ب - ئەرکەکانی ڕاهێنەری هونەری:**

١- پابەند بوون بەدەوامی فەرمی.

٢- پۆشینی جل وبەرگی کارکردن.

٣- پابەند بوون بەپرۆگرامی خوێندنی پیشەیی.

٤- هەبوونی پلانی ساڵانە و رۆژانە (دفتر خطة).

٥- بەشداری کردن لە سەرجەم چالاکی و پێشانگاکانی پەروەردەی پیشەیی.

**ماددەی (٤):**

**تۆمارەکان:** پەروەردەی پیشەیی پێویستە بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئەم تۆمارانەی هەبێت:

١- تۆماری میلاک.

٢- تۆماری ئامادەبوون.

٣- تۆماری ئامێرەکان.

٤- تۆماری کەل وپەل (محاسبە١٣).

٥- تۆماری چالاکی.

٦- تۆماری خەرجی.

٧- تۆماری سەردانی سەرپەرشتیاران.

٨- تۆماری کەل و پەلی بەکار هاتوو.

٩- هەر تۆمارێکی تر پێویست بێت.

**ماددەی (٥):**

**میلاک:-** دابەشکردنی میلاک بە پێی پسپۆری و کارامەیی بە هەماهەنگی یاریدەدەر و بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیار دەبێت پێویستە ڕەچاوی کۆی گشتی بەشەوانەکان بکرێت.

**بەشەوانەی پەروەردەی پیشەیی**

١- هەفتانە دوو بەشە وانە دەخوێنرێت.

٢- پێویستە بەشەوانەکان لەدوای یەکەوە بن لە یەک ڕۆژدا وانەی یەکەم تیۆری و وانەی دووەم کرداری بێت.

٣- بەشەوانەی مامۆستای پەروەردەی پیشەیی هاوشێوەی مامۆستایانی بنەڕەتی دەبێت.

٤- هەربەشەوانەیەکی کرداری بە (٢) بەشەوانە هەژمار دەکرێت.

٥- دەکرێت مامۆستای پیشەیی وانەی تیۆری و کرداری یاخود تەنها یەکێکیان بڵێتەوە.

٦- لە وانەی کرداری مامۆستایی یاریدەدەر بە هەمان شێوە (٢) بەشەوانەی بۆ هەژمار دەکرێت لە خشتەی بەشەوانەکان .

٧- پێویستە بۆ هەروانەیەکی پەروەردەی پیشەیی (تیۆری و کرداری) دوو مامۆستا بە یەکەوە وانەکە بڵێنەوە، دەست نیشان کردنی مامۆستای سەرەکی و مامۆستای یاریدەدەر بکرێت لە خشتەی بەشەوانەکان.

٨- لە کاتی بوونی بەشەوانەی بەتاڵ (شاغر) لە هەر قوتابخانیەکدا، پێوستە بە شێوەی (تەواو کردنی بەشەوانە یان وانە بێژی(محاضر) پڕ بکرێتەوە یان گۆڕینی ناوونیشانی فەرمانبەر بۆ مامۆستا یان دامەزراندن) ی مامۆستای تازە پڕبکرێتەوە .

**ماددەی (٦): سەر پەرشتیکردنی پەروەردەیی:**

١- سەرپەرشتیارانی پەروەردەی پیشەیی سەرپەرشتی باش بەڕێوەچونی دەوام و کوالێتی خوێندنی پیشەیی لە بەشەکانی پەروەردەی پیشەیی دەکەن.

٢- پێشنیازی کردنەوە و لێکدان و گواستنەوەی بەشەکانی پەروەردەی پیشەیی.

٣- پێشنیازی دانانی یاریدەدەری پیشەیی بەپێی رێنمایی.

٤- ڕیکخستنی میلاک و دابینکردنی میلاکی پێویست بەهەماهانگی لەگەڵ بەڕێوەبەر و یاریدەدەری هونەری.

٥- ڕێکخستن و سەرپەرشتی کردنی چالاکی و پێشانگاکان.

٦- کات و شێوازی سەردانی کردنی سەرپەرشتیاران لە لایەن یەکەی سەر پەرشتی کردنی پەروەردەی پیشەیی رێک دەخرێت.

٧- ڕینمایی کردن و بەدوا داچوون و هەڵسەنگاندنی مامۆستایانی پیشەیی .

**ماددەی (٧): کردنەوە و داخستنی بەش:**

بۆ کردنەوەی هەر بەشێکی نوێ پێویستە ئەم پێداویستانە دابین بکرێت:

١- پێویستە ئەو بەشە نوێیە گونجاو بێت لەگەڵ پێویستی بازاڕ وسەردەم.

٢- شوێنی پێویست و گونجاوی بۆ دابین بکرێت.

٣- مامۆستای پێویست و شارەزای هەبێت.

٤- پرۆگرامی خوێندنی بۆ ئامادە بکرێت.

٥- کەل وپەل و ئامێر وپێداویستی بۆ تەرخان بکرێت.

٦- فەرمانی کردنەوە و داخستنی بەش لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگادا دەبێت.

**ماددەی (٨):**

**أ – دارایی :** داهاتی پەروەردەی پیشەیی بەپێی رێنماییەکانی دارایی و رێنمایەکانی پرۆژەکانی بەرهەمهێانان دەبێت :

١- دابین کردنی بودجەیەک بۆ مەشق و ڕاهێنانی کرداری ساڵانە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکان.

٢- فرۆشتنی بەرهەم لە پێشانگەکاندا.

٣- بەخشش و دیاری بێ مەرج لە لایەن هاووڵاتیان و ڕێکخراوەکان.

٤- بڕی پارەی تەرخانکراو لە پەروەردەکان.

**ب- خەرجیەکان:** پێویستە داهات بەم شێوە خەرج بکرێت :

١- پێکهێنانی لیژنەی خەرجی لە (٣) مامۆستا یەکێکیان دەبێت بە سەرۆک.

٢- کار بە ڕێنماییە داراییە کارپێکراوەکان دەکرێت.

٣- بەپێی پێویستی بەشەکان خەرج دەکرێت.

**ماددەی (٩): پرۆگرام:**

١- جیاکردنەوە (پۆلینکردن) ی پرۆگرامەکان بۆ قۆناغەکانی خوێندن.

٢- دەبێت یەک پرۆگرامی خوێندنی پیشەیی لە پەروەردە پیشەییەکاندا هەبێت.

٣- دەبێت پرۆگرام بۆ هەموو بەشەکانی پەروەردەی پیشەیی هەبێت.

٤- پێویستە پرۆگرامەکان جەخت بکەنەوە سەرلایەنی کرداری و تیوری.

**ماددەی (١٠): تاقیکردنەوە و نمرەکان:**

١- کاتی تاقیکردنەوەکان دیاری دەکرێت لەگەڵ خشتەی وانەکانی تاقیکردنەوەی وەرزەکان.

٢- نمرەکان بەپێ ی سیستەمی فێرکردنی بنەڕەتی دەبێت.

٣- تاقیکردنەوەی کرداری پێش تاقیکردنەوەکان دەکرێت لە ناو بەشەکاندا.

٤- بەپێی ئەو بەشانەی کە لە قوتابخانەکان هەیە و دەخوێنرێت نمرەکان بە یەکسانی دابەشدەکرێت بەپێی بەشە پیشەییەکان.

٥- نمرەی تاقی کردنەوەکانی پیشەیی وەک نمرەی بابەتەکانی تر هەژمار دەکرێت.

**ماددەی (١١):**

**أ - پێشانگەی پەروەردەی پیشەیی:**

١- چوار ساڵ جارێک پێشانگە لەسەر ئاستی هەرێم دەکرێتەوە.

٢- ساڵانە پێشانگە لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە بکرێتەوە لە کاتی گونجاودا.

٣- دابین کردنی هۆڵێک لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکان و هەموو تایبەتمەندییەکانی پێشانگەیی تیادا بێت بتوانرێت بەرهەمی ساڵانەی تیادا کۆبکرێتەوە.

٤- پەروەردەی پیشەیی قوتابخانەکان دەتوانن بەرهەمەکانیان لە چالاکی قوتابخانەکانیان نمایش بکەن بەمەرجێک کارنەکاتە سەر لاوازکردنیان لە پێشانگەی ساڵانە.

٥- لیژنەی تایبەت بۆ سەرپەرشتی کردنی پێشانگەیی ساڵانە لە سەرەتای ساڵی خوێندن دروست بکرێت کارەکانیان بریتی بێت لە (دانانی پلان و دیاری کردنی کات و شوێن و پێداویستی هۆڵەکە - دابینکردنی خەرجی)

٦- بە پێی رێنماییەکان لە فرۆشگای قوتابخانەکان پێداویستیەکانی پەروەردەی پیشەیی دیاری دەکرێت.

٧- داهاتی پێشانگەی پەروەردەی پیشەیی بۆ قوتابخانە بەشدار بووەکان دەبێت بەپێی ڕێنماییەکان.

٨- لیژنەی هەڵسانگاندن بەسێ پلەی جیاواز (نایاب – زۆر باش – باشە) هەڵسەنگاندن بکرێت لە پێشانگا لەسەر ئاستی هەرێم و ئاستی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە.

**ب- لیژنەی هەلسەنگاندن بۆ پێشانگە لەسەر ئاستی هەرێم:**

لە نوێنەری وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکانی بەشداربوو لە کەسانی بەئەزموون و پسپۆر پێک دێت.

١- بەرێوەبەری فێرکردنی پیشەیی لە وەزارەت سەرۆکی لیژنەکە دەبێت.

٢- ئەندامەکان بەهەمەهانگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکان دادەنرێن.

٣- لیژنەکە بنەماکانی هەڵسەنگاندن بەشێوەی فۆرمێک دیاری دەکات و بەشداربووان لە بنەماکانی ئاگادار دەکرێنەوە.

**ماددەی (١٢):** ئەم ڕێنمایيە دەچێتە بواری جێبەجێ کردن دوای بڵاو بوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**ئالان حمە سعيد**
**وەزیری پەروەردە**

**هۆیەکانی دەرکردنی ئەم ڕێنمایيە**

بە مەبەستی گرینگی دان بە خوێندنی پیشەیی بە گشتی پەروەردەی پیشەییەکان بە تایبەتی، هەوڵدان بۆ کردنەوەی زۆرترین بەشی پەروەردەی پیشەیی ئەم ڕێنمایيەمان دەرچواند .

**وەزارەتی پەروەردە**

**ژمارە :(٥٦٣٠) لە ٢٠٢٠/٦/١٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە بەندی (١٣) ماددەی (٩٣)ی سیستەمی خوێندن و فێرکردنی پیشەیی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٧ ، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :-

## ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی٢٠٢٠

## ڕێنمایی تایبەت بە پەیمانگەی فێرکاری و پیشەیی ناحکومی لە هەرێمی کوردستان

**ماددەی (١): ناساندنی زاراوەکان:-**

**وەزارەت:**- وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**وەزیر:**- وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێوەبەری گشتی:**- بەڕێوەبەری گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی.

**بەڕێوەبەرایەتی:**- بەڕێوەبەرایەتی فێرکردنی پیشەیی لە وەزارەتی پەروەردە.

**پەیمانگە:**- پەیمانگەی فێرکاری و پیشەیی ناحکومی.

**لیژنەی باڵا:**- لیژنەی باڵای پەیمانگەی فێرکاری و پیشەیی ناحکومی لە وەزارەتی پەروەردە.

**لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان:**- لیژنەی فەرعی پەیمانگەی فێرکاری و پیشەیی ناحکومی لە پارێزگاکان.

**ماددەی (٢): دیدگا:**

لە پێناو هاندان و بەرزکردنەوەی ئاستی فێرکاری و پیشەیی و زانستی لە هەرێمی کوردستان.

**ماددەی (٣):ئامانج :**

بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن و فێرکردنی پیشە و ژێرخانی ئابووری بەشداری کردنی کەرتی تایبەت لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، شیاندنی فێرخواز بە شێوەیەکی زانستی بۆ بازاڕی کار.

**ماددەی (٤): بەشداربوان :-**

پێویستە بەشدار بوانی خولەکانی فێرکاری تەمەنیان لە (٦) ساڵ کەمتر نەبێت، بۆ خولەکانی پیشەیی تەمەنیان لە (١٥) ساڵ کەمتر نەبێت. ماوەی خولەکان لەیەک ساڵ تێپەر نەکات.

**ماددەی (٥): ئەو بەشانەی مۆڵەتەیان پێ دەدرێت:**

١- **بەشی فێرکاری :-**

- زمانەوانی
- خولی بەهێزکردنی بابەتەکانی خوێندن.
- فێرکردنی زانستی (بەڕێوەبردن و ئابووری – ژمێریاری – راوێژکاری – گەشەپێدانی مرۆیی – پەرەپێدانی توانای ئەندازیاری ............ هەر خولێکی تری فێرکاری)

- فێرکردنی بەرنامەکانی کۆمپیوتەر.
- هەر بەشێکی تری زانستی بەپێی پێویست.

٢- **بەشی پیشەیی** : ئەم بەشانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:-

- چاککردنەوەی ئامێرە ئەلکترۆنیەکان.
- چاککردنەوەی ئامێرە کارەباییەکان.
- جوانکاری ژنان و پیاوان و قژبرین (سەرتاشین).
- دیزاین و دوورمان.
- خولی (وەرزشی – سینەمایی – چاککردنەوی ئۆتۆمبێل) هەموو ئەو پیشانەی کە ئاماژیان پێ کراوە پێویستیان بەشوێنی پراکتیکی هەبێت پێویستە کەل و پەلی راهێنانیان هەبێت یان گرێبەستی لەگەڵ شوێنیک هەبێت کە گونجاو بێت لەگەڵ پسپۆریەکەی لە دەرەوەی پەیمانگا.
- هەر پیشەیەکی تر گونجاو بێت لەگەڵ خواستی بازاڕ.

**ماددەی (٦): خاوەن پەیمانگە:-**

١- هەر هاووڵاتیەکی عێراقی یان بیانی مافی کردنەوەی پەیمانگەی هەیە بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە:-

- ناسنامەی ژووری بازرگانی هەبێت.
- سزا نەدرابێت بە تۆمەتی بەد ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و تیرۆر.
- فەرمانبەری میری نەبێت.

٢- هەرخاوەن کۆمپانیایەکی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان بۆی هەیە داوای کردنەوەی پەیمانگە بکات کە مۆڵەتی کۆمپانیاکەی نوێ کرابێتەوە.

٣- خاوەن قوتابخانە ناحکومیەکان بۆیان هەیە داوای کردنەوەی مۆڵەتی پەیمانگەی فێرکاری پیشەیی ئەهلی بکەن.

**ماددەی (٧): بەشی کارگێری پێک دێت لە :-**

**یەکەم:- بەڕێوبەر :**

- بەشی فێرکاری پێویستە دەرچوی زانکۆ بێت و فەرمانبەری میری نەبێت.
- بەشی پیشەیی دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی یاخود ئامادەیی پیشەیی کەمتر نەبێت بەپێی بڕوانامەی بەژداربوونی لە پسپۆریەکەی، فەرمانبەری میری نەبێت .

**دووەم:- مامۆستا :**

- بەشی فێرکاری پێویستە دەرچوی زانکۆ بێت، لە (٥٠٪)ی مامۆستایان فەرمانبەری میری نەبێت.
- بەشی پیشەیی لە دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی یاخود ئامادەیی پیشەیی کەمتر نەبێت یاخود بڕوانامەی بەژداربووی لە پسپۆریەکەی هەبێت. لە (٥٠٪)ی مامۆستایان فەرمانبەری میری نەبێت.

**سێیەم:- فەرمانبەران :**

- دامەزراندنی دەرچوویەکی ئامادەیی پیشەیی پێویستە گرێبەستی دامەزراندنی بۆ کرابێت لە بەشی یاسایی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە یان لە لای داد نووس.
- خزمەت گوزار.
- هەر فەرمانبەرێکی تر کە پێویستە.

**ماددەی (٨): تۆمارەکان:** ئەو تۆمارانەی پێویستە لە پەیمانگە هەبێت لە کاتی پشکنیندا:-

- تۆماری میلاک.
- تۆماری داهات.
- تۆماری بەشدار بووانی خول.
- تۆماری وانەکان.
- تۆماری سەردانی لیژنەکانی سەرپەرشتی کردن.
- زانیاری کەسی ( cv– میلاکی پەیمانگا).

**ماددەی (٩): رسوماتی پێدانی مۆڵەت:-**

- رەسمی مۆڵەت پێدانی هەربەشێک بۆ هاووڵاتیانی عێراقی (٤٠٠,٠٠٠) چوار سەد هەزار دینارە و نوێکردنەوەی ساڵانە بۆ هەر بەشێک (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار.
- رەسمی مۆڵەت پێدانی هەربەشێک بۆ هاووڵاتیانی بیانی (٧٠٠,٠٠٠) حەفت سەد هەزار دینارە و نوێکردنەوەی ساڵانە بۆ هەر بەشێک (٣٥٠,٠٠٠) سێ سەدوو پەنجا هەزار دینار.
- ئەو بڕە پارانەی وەردە گیرێت گەڕانەوەی نیە.

**ماددەی (١٠): سەرپێچی و سزا:-**

- کردنەوەی پەیمانگە و ڕیکلام کردنی بەبێ پێدانی مۆڵەتی وەزارەتی پەروەردە، لە لایەن بەرێوەبەرایەتی فێرکردنی پیشەیی پارێزگا لایەنی بەر پرسی لێ ئاگادار بکرێتەوە بەمەبەستی داخستنی و وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی.
- ئەو پەیمانگەیانەی مۆڵەتی کردنەوەیان پێدراوە زیادە ڕۆی لە ڕیکلام کردنی بەشەکانی مۆڵەت پێدراو دەکەن بە بڕی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دینار سزا دەدرێت لەکاتی دووبارە کردنەوەی بە بڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠)دوو ملیۆن دینار سزا دەدرێت کاتی دوو.
- لەکاتی دواکەوتنی لە نوێ کردنەوەی مۆڵەت بۆ هەر ڕۆژێک دوواکەوتن بڕی (١٠,٠٠٠) دە هەزار دیناری لێ وەر دەگیرێت.
- لە کاتی دواکەوتنی زیاتر لە (٩٠) ڕۆژ لە دەست پێ کردنی داواکارییەکەیی بۆ هەرڕۆژێک دواکەوتن بڕی سزای دیاری کراو دەیگرێتەوە.

- لە دوای تەواو کردنی پێداویستیەکان و ئاراستە کردنی نوسراو لە بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردە بۆ وەزارەت سەردانی نەکردنی بۆ لایەنی پەیوەندی دار ماوەی زیاتر لە (٣٠) ڕۆژ بۆ هەرۆژێک دواکەوتن بڕی سزای دیاریکراو دەیگرێتەوە.
- ئەگەر (٣٦٦) ڕۆژ زیاتر دواکەوت لە نوێ کردنەوەی مۆڵەت. بەبێ ئاگادارکردنەوە پەیمانگە کە دابخرێت.
- کردنەوەی لقی پەیمانگە بەبێ مۆڵەت بۆ هەر لقێک سزای (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنچ ملیۆن دینار وەربگیرێت دابخرێت.
- گواستنەوەی شوێنی پەیمانگە بەبێ ڕەزامەندی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە/ب.ف.پیشەیی سزای (٣,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن دیناری لێ وەربگیرێت. لە دوایدا ڕێککارە یاساییە پێویستیەکان تەواو بکات.
- لە کاتی وەرگرتنی پارە لە بەشداربوانی و داخستنی پەیمانگە کە بە هەر هۆیەک بێت سزای (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دیناری لێ وەربگرێت لە گەڵ گەڕاندنەوەی پارەی وەرگیراو لە بەشدار بوان.

**ماددەی (١١): بینا:-**

- پێویستە لەسەنتەری پارێزگا ڕووبەری بینا لە (٢٥٠) مەتر کەمتر نەبێت.
- لە قەزا و ناحیە و کۆمەڵگاکان لە (٢٠٠) مەتر کەمتر نەبێت.
- شوێنی گونجاو بێت ڕەزامەندی بیناسازی لە بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە وەربگیرێت.

**ماددەی (١٢):**

**مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی پەیمانگەی فێرکاری و پیشەیی ناحکومی:- بەپێی فۆرمی ژمارە (١)**

١- داواکاری لە لایەن کەسی یەکەم پێشکەش بکرێت بە بەرێوەبەرایەتی فێرکردنی پیشەیی لە بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا.

٢- ناسنامەی ژووری بازرگانی داواکار ماوەی بەسەر نەچووبێت.

٣- ڕەگەزنامە و ناسنامەی باری شارستانی(کارتی نیشتمانی) و کارتی زانیاری/ ئەگەر بیانی بوو پاسەپۆرت و پشتگیری جێنشین (أقامة ) لە لایەنی پەیوەندیدار لەگەڵ (٢) وێنەی ڕەنگا و ڕەنگ.

٤- ڕەزامەندی بەرێوەبەرایەتی (ئاسایش – تەندروستی – باج و دەرامەت – شارەوانی – نەهێشتنی تاوان (پەنجە مۆر) – دەستەبەری کۆمەڵایەتی – بیناسازی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا – بەرگری شارستانی).

٥- گرێبەست یان تاپۆی مولکداری بینای پەیمانگا.

٦- خاوەن قوتابخانە ناحکومیەکان لە کاتی کردنەوەی پەیمانگە پێویستە (دەرگای سەرەکی + کارگێری + هۆڵی خوێندن) جیاکراوەی هەبێت لە قوتابخانەکە

٧- بەڵێنامە لە لای (کاتب عدل) یاخود لە بەڕێوەبەرایەتی یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا بە مەبەستی جێبە جێ کردنی ڕێنمایی.

٨- بەڵێن نامە لە لای (کاتب عدل) یاخود لە بەڕێوەبەرایەتی یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا کە فەرمانبەر نەبێت لە هیچ دام و دەزگایەکی حکومی.
٩- (کفالة ضامنة) لە لای (کاتب عدل) بەبڕی (١٥,٠٠٠,٠٠٠) پازدە ملیۆن دینار بۆ عێراقی وە بڕی (٣٠,٠٠٠,٠٠٠) سی ملیۆن دینار بۆ بیانی بۆ هەر پەیمانگایەک.
١٠-بڕوانامەی مامۆستایانی وانەبێژ باوەر پێ کراو بێت بەپێ ی پسپۆری.
١١-بۆ هەر لقێکی پەیمانگە گرێبەستی دامەزراندنی دەرچووی پیشەیی لە پەیمانگە هەبێت بە مەرجێک دانەمەزرابێت.
١٢- بەلیستێک ناوی پرۆگرام بنووسرێت لە گەڵ نوسینی بەڵێن نامە لە بەشی یاسایی پەروەردەکان بەمەبەستی پابەندبونی ناوەرۆکی پرۆگرام. کە گونجاو بێت لەگەڵ بەها کۆمەڵایەتیەکان و دوور بێت لەتوندوو تیژی ئاینی و فکری و سیاسی.
١٣- ئاماری مامۆستایان و فەرمانبەران (بڕوانامەکانیان + سی ڤی CV ).
١٤- نابێ بە هیچ شێوەیەک مەلزەمە بەکاربێت بۆ خولەکانی بەهێزکردنی بابەتەکانی خوێندن.
١٥- پێویستە پرۆگرام دیاری کراو بێت لەهەر وانەیەک.
١٦- تابلۆی پەیمانگە پێویستە بە پێی فۆرمی ژمارە (٦) بێت
١٧- ڕاپۆرتی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا(سەبارەت بە گونجاوی پەیمانگا بۆ کردنەوە) بەڕێوەبەری فێرکردنی پیشەیی سەرۆکی لیژنەو ئەندامەکانی بە پێی پێویستی لە (٣) ئەندام کەمتر نەبێت.
١٨-نابێ ناوی هیچ وولاتێک یان پەیمانگەیەکی بیانی ئەهلی بەکاربێت ئەگەر ڕەزامەندی لە سەرچاوەی دایک نەبێت.
١٩-نابێت ناوی پەیمانگە دووبارە بکرێتەوە تەنها ئەگەر لقێک نەبێت لە پەیمانگەی دایک.
٢٠-نابێت مەشق لە پیشەیەک دا بکرێت کە جیاوازبێت لەوەی لە ناوەرۆکی مۆڵەتەکەدا هاتووە.
٢١-لەیەک پەیمانگەدا کە مۆڵەتی وەرگرتووە هەر بەشێکی تازە کرایەوە دەبێ مامەڵەی بەشی تازەی لەگەڵ بکرێت.

**ماددەی (١٣): نوێکردنەوەی پەیمانگە بەپێی فۆرمی ژمارە (٢):-**

- خاوەنی پەیمانگە پێش تەواو بوونی مۆڵەتەکەی، بە (٩٠) ڕۆژی تەقویمی، پێویستە داواکاری نوێکردنەوەی مۆڵەت پێشکەش بە بەرێوەبەرایەتی گشتی پەرورەردەی پارێزگا بکات.مۆڵەتەکەی بۆ ماوەی (٢) ساڵ نوێ بکاتەوە. ڕەزامەندی ئەم لایەنانەی لە فۆرمی ژمارە (٢) هاتووە بەدەست بێنێ. لە کاتی سەردانی لیژنە بۆ پەیمانگە بەپێی فۆرمی ژمارە (٥) هەڵسەنگاندن لە ڕێژەی ٦٠% کە متری بەدەست هێنا پێویستە نوێکردنەوە دوا بخرێت، تاوەکو چاکسازی ئەنجام دەدات بەپێی پێوەرەکانی فۆرم.

- ئەگەر هاتوو داواکار لە ماوەی دیاریکراو، کە لە خاڵی سەرەوە ئاماژەی پێی کراوە، پێداویستیەکانی نوێکردنەوەی تەواو نەکرد، دەرکەوت کە خۆی هۆکارە ئەوا بە پێی ماددەی (١٠) سزا دەدرێت.

**ماددەی (١٤): کردنەوەی لقی پەیمانگە:-**

هەر خاوەن پەیمانگەیەکی مۆڵەت پێدراو، مافی هەیە لقی نوێی پەیمانگە بکاتەوە بە هەمان ناوی پەیمانگەی مۆڵەت پێدراو بە مەرجێ سەرجەم رێکارو بەڵگەنامەی کردنەوەی پەیمانگە ڕەچاو بکرێت وەک لە پێدانی مۆڵەت هاتووە جگە لە پێداویستیەکانی خاوەنی پەیمانگە.

**ماددەی (١٥): زیادکردنی بەش لەپەیمانگە:-**

هەر پەیمانگەیەکی مۆڵەت پێدرا بۆێ هەیە بەشی نوێ بکاتەوە کە گونجاو بێت لەگەڵ بەشەکانی تری مۆڵەت پێدراو بەپێی ڕێنمایی کار پێکراو .

**ماددەی (١٦): هەڵپەساردنی پەیمانگە:-**

١- خاوەنی پەیمانگە بۆی هەیە داواکاری پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا بکات بۆ هەڵپەساردنی پەیمانگەکەی تەنها بۆ ماوەی (١) ساڵ بە بێ ئەوەی داواکاری هەڵوەشانەوەی هەڵپەساردنەکەی بکات .

٢- (١) مانگ پێش تەواو بوونی مۆڵەتی هەڵپەساردنەکەی پێویستە داواکاری کردنەوەی پەیمانگە پێش کەش بکات.

٣- گشت ڕێکارەکانی نوێکردنەوەی لەکاتی کۆتایی هاتنی مۆڵەتەکەی بەسەر جێبەجێ دەکرێت بەپێی فۆرمی ژمارە (٢) .

٤- خاوەنی پەیمانگە بۆی هەیە داوای داخستنی پەیمانگاکەی بکات بەیەکجارەکی بە مەرجێ کۆتایی بەهەموو ئەو خولانە هێنابیت کە کردویتیەوە.

**ماددەی (١٧): گۆرینی خاوەنداریەتی پەیمانگە:-**

دەکرێت خاوەنداریەتی پەیمانگە لە کەسێکەوە بگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر بەم مەرجەی خوارەوە:-

- ئەو کەسەی خاوەنداریەتیەکەی بۆ دەگوازرێتەوە هەموو مەرج و ڕێنماییەکانی پێدانی مۆڵەتی پەیمانگەی هەبێت بەپێی فۆرمی ژمارە (٣) هاوپێچە.

**ماددەی (١٨): گواستنەوەی شوێنی پەیمانگەی** مۆڵەت پێدراو بۆ بینایەکی نوێ پێویستە گرێ بەست یان تاپۆی بینایی نوێ لەگەڵ ڕەزامەندی ئەم لایەنانەی خوارەوە بەدەست بینیت:-

١- لیژنەی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا
٢- ئاسایش.
٣- تەندروستی.
٤- بەرگری شارستانی.
٥- شارەوانی.

**ماددەی (١٩): داخستنی پەیمانگەی فێرکاری و پیشەیی ناحکومی لە هەرێمی کوردستان :-**

١- ئەگەر پابەندی یاساو رێنماییەکانی پەیمانگەی فێرکاری و پیشەیی ناحکومی نەبوو بە پێی راپۆرتی لیژنەی پەیمانگە پیشەییەکان لە بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا، لە وەزارەت فەرمانێکی وەزاری داخستنی بۆ دەر دەکرێت.

٢- پەیمانگە کە دادەخرێت ئەگەر کاری بەد ڕەوشتی یاخود حزبی و ئاینی یان هەر کارێکی تر کە پێچەوانەی ئەو ئامانجە پەروەردەیانە بێت کە پەیمانگەی لە پێناوو دامەزراوە بە شێوەی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ.

٣- نوێکردنەوەی مۆڵەتەکەی (١) ساڵ زیاتر بەسەردا تێ پەری بێت.

**ماددەی (٢٠): تابلۆی پەیمانگە:-** پێویستە تابلۆی پەیمانگە تەنها بەپێی فۆرمی ژمارە (٦) بێت .

**ماددەی (٢١): سەرپەرشتی کردن:-** بە مەبەستی سەرپەرشتی کردن و بەدوا داچوونی کاری پەیمانگە ئەم لیژنانە پێک دێن:-

**أ- لیژنەی باڵای مۆڵەتی پەیمانگە لە وەزارەت :** ئەرکەکانی:-

١- پێشنیاری هەموارکردنەوەی ڕێنماییەکان.

٢- ورد بینی مامەڵەکانی پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەت.

٣- (٦) مانگ جارێک سەردانی پەیمانگەکان بکەن.

٤- بە دواداچوونی ڕاپۆرتی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا.

٥- هەرکارێکی تر کە پێویستی بە بەدواداچوون هەبێت.

**ب- لیژنەی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان :** ئەرکەکانی:-

١- هەڵسەنگاندنی پەیمانگەی فێرکاری و پیشەیی ناحکومی بەپێی فۆرمی ژمارە (٥)ی هەڵسەنگاندن .

٢- سەرپەرشتیکردنی کارگێری پەیمانگەکانی سنووری پەروەردەکەی.

٣- پشکنینی پەیمانگە پیشەییە ناحکومیەکان پێش وەرگرتنی مۆڵەت بەپێی رێنمایی داواکراو

٤- پێشنیازی پێکهێنانی لیژنەکانی لێکۆڵینەوە.

٥- بەدوا داچوونی پەیمانگەکان و سەردانی کردنیان و بەرزکردنەوەی راپۆرت بۆ وەزارەت.

٦- بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت (٦) مانگ جارێک بە پێی فۆڕمی ژمارە (٧) بۆ لیژنەی باڵا.

**مـاددەی(٢٢):** ئـەم ڕێنماییـە جێبـەجێ دەکرێـت دوای بـڵاو بوونـەوەی لـە رۆژنامـەی فـەرمی (وەقایعی کوردستان).

**ئالان حمە سعید**

**وەزیری پەروەردە**

فۆرمی ژمارە (١)

(پێداویستیەکانی کردنەوەی پەیمانگەی فێرکاری و پیشەیی ناحکومی)

*ناوی پەیمانگە ( ) لقی:- فێرکاری☐ پیشەیی ☐

*بەشەکانی پەیمانگە ( )

* ناوی خاوەن پەیمانگە ( )

*ناوی بەرێوەبەری پەیمانگە ( ) .

*بروانامەی بەرێوەبەر( ).

١- نوسراوی ب.گ.پ( ) ژمارە ( ) لە ( / / ).

٢- داواکاری پێدانی مۆڵەتی کردنەوەی پەیمانگە: رێکەوتی ( / / ).

٣- پێداویستی خاوەن پەیمانگە(ناسنامەی ژووری بازرگانی / کارتی زانیاری / رەگەز نامە / ناسنامەی باری شارستانی / (کارتی نیشتمانی) / (٢ وێنە) / بۆ بیانی پاسەپۆرت (جواز السفر / ناسنامەی نیشنگە (الاقامة)).

٤- رەزامەندی(ئاسایش/ تەندروستی/ باج و دەرامەت/ شارەوانی / دەستەبەری کۆمەڵایەتی / بەڵگەی نەهێشتنی تاوان (پەنجە مۆر) / بەرگری شارستانی).

٥- (عقد أيجار) یان تاپۆی بینا.

٦- بەڵێن نامە بۆ جێبەجێ کردنی رێنمایی لای داد نوس یاخود لە ب.یاسایی لە ب.گ.پ.پارێزگا.

٧- بەلێن نامەی (خاوەن ) و ( بەرپێوبەر) کە فەرمانبەری میری نەبێت.

٨- (کفالة) بەبری(١٥,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار بۆ هاوولاتی ناوخۆ بۆ بیانی (٣٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دنیار.

٩- لیستی ناوی مامۆستایان (بروانامە یان پشگیری + cv) (کە ٥٠% دامەزراندنی حکومی بێت و ٥٠% وانەبێژ بێت) بۆ بیانی (پاسەپۆرت + جواز السفر + ناسنامەی نیشنگە (الاقامة) + (بروانامە گەر بە ئینگلیزی بێت پێویستە وەربگێرێت بۆ زمانی کوردی لای وەرگێری باوەر پێ کراو).

١٠- دامەزراندنی دەرچووی پیشەیی ( پشگیری ئامادەیی + گرێبەستی دامەزراندن) لە بەشی یاسایی ب.گ.پ.پارێزگا.

١١- بەڵێن نامە لە (ب.گ.پ/ب.یاسایی) پابەند بوونی بە ناوەرۆکی ئەو پسپۆریەی دەیڵێتەوە گونجاو بێت لەگەڵ بەها کۆمەڵایەتیەکان و دوور بێت لە توند و تیژی و ئاینی و فکری و سیاسی.

١٢- فۆرمی ژمارە (٥).

١٣- راپۆرتی لێژنەی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە.

واژووی پشکێنەر

ناو:

رێکەوت:

فۆرمی ژمارە (٢)

(پێداویستیەکانی نوێکردنەوەی پەیمانگەی فێرکاری و پیشەیی ناحکومی)

*ناوی پەیمانگە ( ) لقی:- فێرکاری ☐ پیشەیی ☐

*بەشەکانی پەیمانگە( )

* ناوی خاوەن پەیمانگە( ) .

*ناوی بەرێوەبەری پەیمانگە( ) .

*بروانامەی بەرێوەبەر( ).

١- نوسراوی ب.گ.پ( ) ژمارە ( ) لە ( / / ).

٢- داواکاری نوێکردنەوەی مۆڵەتی پەیمانگە: ( / / ).

٣- رێکەوتی نوێکردنەوەی مۆڵەتی پەیمانگە: ( / / ).

٤- گشت فەرمانە وەزارییەکانی پەیمانگا لە وەرگرتن و نوێکردنەوە.

٥- بەلێن نامەی (خاوەن ) و ( بەرێوبەر) کە فەرمانبەری میری نەبێت.

٦- پاکانەی باج و دەرامەت.

٧- (عقد أیجار) یان تاپۆی بینا.

٨- ڕەزامەندی تەندروستی.

٩- دامەزراندنی دەرچووی پیشەیی ( پشگیری ئامادەیی + گرێبەستی دامەزراندن).

١٠- بەرگری شارستانی.

١١- دەستەبەری کۆمەڵایەتی .

١٢- فۆرمی زانیاری (٥).

١٣- وکالە جێ بەجێ کردنی مامەڵەی پەیمانگە لە کاتی ئامادەنەبوونی خاوەنی پەیمانگە.

١٤- ڕاپۆرتی لێژنەی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە.

١٥- لیستی ناوی مامۆستایان (بڕوانامە یان پشگیری).

١٦- فۆرمی هەڵسەنگاندن.

١٧- ماوەی دواکەوتنی لە نوێ کردنەوەی( ).

واژووی پشکێنەر

ناو:

رێکەوت:

فۆرمی ژمارە (٣)

(پێداویستیەکانی گۆڕینی خاوەندارییەتی پەیمانگەی فێرکاری و پیشەیی ناحکومی)

*ناوی پەیمانگە(                    ) لقی:- فێرکاری ☐ پیشەیی ☐

*بەشەکانی پەیمانگە(                    )

* ناوی خاوەن پەیمانگەی ئێستا(                    ) .

*ناوی بەرێوەبەری پەیمانگەی نوێ (                    ) .

١- نوسراوی ب.گ.پ(          ) ژمارە (          ) لە (     /     /     ).

٢- داواکاری گۆڕینی خاوەندارییەتی پەیمانگە: رێکەوتی (     /     /     ).

٣- پێداویستی خاوەن پەیمانگە(ناسنامەی ژووری بازرگانی / کارتی زانیاری / رەگەز نامە / ناسنامەی باری شارستانی / (کارتی نیشتمانی) / (٢ وێنە) / بۆ بیانی پاسەپۆرت (جواز السفر / ناسنامەی نیشنگە - الاقامة).

٤- رەزامەندی ( ئاسایش / تەندروستی / باج و دەرامەت / بەڵگەی نەهێشتنی تاوان -پەنجە مۆر).

٥- (عقد إيجار) یان تاپۆی بینا.

٦- بەڵێن نامە بۆ جێبەجێ کردنی رێنمایی لای داد نوس.

٧- دەست هەڵگرتن لەمافی خاوەندارییەتی لای دادنوس یان بەشی یاسایی لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا

٨- (کفالة) بەبڕی (١٥,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار بۆ هاووڵاتی ناوخۆ بۆ بیانی (٣٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دنیار.

٩- ڕاپۆرتی لیژنەی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە.

واژووی پشکێنەر

ناو:

رێکەوت:

---

فۆرمی ژمارە (٤)

(پێداویستیەکانی گۆڕینی خاوەندارییەتی پەیمانگەی فێرکاری و پیشەیی ناحکومی بۆ کۆمپانیای پەروەردەیی)

*ناوی پەیمانگە(                    ) لقی:- فێرکاری ☐ پیشەیی ☐

*بەشەکانی پەیمانگە(                    )

* ناوی خاوەن پەیمانگەی ئێستا(                    ) .

*ناوی کۆمپانیا (                    ) .

١- نوسراوی ب.گ.پ(          ) ژمارە (          ) لە (     /     /     ).

٢- داواکاری گۆڕینی خاوەندارییەتی پەیمانگە: رێکەوتی (     /     /     ).

٣- ژمارەی مۆڵەتی کۆمپانیا.

٤- پشگیری لایەنی پەیوەندی دار بە پێدانی مۆڵەتی پەیمانگە.

٥- ناسنامەی ژووری بازرگانی.

٦- دیاری کردنی بریکاری یاسایی لە لایەن کۆمپانیا بۆ رای کردنی کاروباری پەیمانگە.

٧- ڕەزامەندی بەڕێوابەرایەتی (ئاسایش / تەندروستی / باج و دەرامەت).

٨- (عقد إيجار) یان تاپۆی بینا.

٩- دەست هەڵگرتن لە مافی خاوەنداریەتی لای داد نوس یان بەشی یاسایی لە بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە.

١٠- بەڵێن نامە بۆ جێبەجێ کردنی رێنمایی لای داد نوس.

١١- (کفالة) بەبڕی (١٥,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار بۆ هاووڵاتی ناوخۆ بۆ بیانی (٣٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دنیار.

١٢- ڕاپۆرتی لیژنەی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە.

واژووی پشکێنەر

ناو:

رێکەوت:     /     /

فۆرمی ژمارە (٥)

( فۆرمی هەڵسەنگاندن ) (١)

-ب.گ.پ: ب.پ: ناوی پەیمانگە : ساڵی دامەزراندن :

ناونیشانی ئەلکترونی:

٢-ناوی خاوەن پەیمانگە: مۆبایلی خاوەن : ژ.ب. مۆڵەت :

٣-ناوی بەرێوەبەر: مۆبایل : بروانامە : پسپۆری:

٤- ناوی بەشەکانی مۆڵەت پێدراو :

٥- ناوو نیشانی پەیمانگە

٦- بەرواری سەردانەکانی لێژنەی هەلسەنگاندن : سەردانی یەکەم : سەردانی دووەم :

٧- ژمارەی مامۆستایانی میلاك (حکومی) ٥٠ % + وانە بێژ ٥٠%

| رەگەز | خۆماڵی(کوردستان) | عیراقی جگە لە کوردستان | عەرەبی | بیانی | دامەزراوی حکومی | وانەبێژ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | | | | | | | |
| مێ | | | | | | | |
| کۆی گشتی | | | | | | | |

٨- بروانامەی مامۆستایان (دامەزراوی حکومی + وانەبێژ ):-

| رەگەز | خۆماڵی(کوردستان) | عیراقی جگە لە کوردستان | عەرەبی | بیانی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| بروانامەی خول | | | | | |
| ئامادەیی | | | | | |
| دبلۆم | | | | | |
| بکالۆریوس | | | | | |
| ماستەر | | | | | |
| کۆی گشتی | | | | | |

٩- ژمارە ی فەرمانبەران :-

| رەگەز | دەرچووی پیشەیی | فەرمانبەری کارگێری | هی تر |
|---|---|---|---|
| نێر | | | |
| مێ | | | |
| کۆ | | | |

فۆرمی ژمارە (٥)

(فۆرمی هەڵسەنگاندنی پەیمانگەی فێرکای پیشەیی ناحکومی / بەشی (فێرکاری ☐ پیشەیی ☐) (٢)

| ز | بابەت | نمرە | هەلسەنگاندن |
|---|---|---|---|
| ١ | بینای پەیمانگە/ مولك/ کرێ/ گەر مولك بێت ١٠٠% بۆ دا دەنرێت | ٥ | |
| ٢ | ڕووبەری پەیمانگە / چەند رووبەر گەورە تربێ نمرە زیاتر دەبێت | ٥ | |
| ٣ | بوونی هۆیەکانی بەرگری شارستانی | ٥ | |
| ٤ | رەچاوی جوولەی خاوەن پێداویستی تایبەت | ٥ | |
| ٥ | پاك و خاوێنی و سروشتی پەیمانگە | ٥ | |
| ٦ | هەبوونی کافتریا | ٥ | |
| ٧ | بروانامەی بەرێوەبەر بە پێی بروانامە نمرە سەردەکەوێ | ٥ | |
| ٨ | بروانامەی مامۆستایان بەپێی بروانامە نمرە سەردەکەوێ | ٥ | |
| ٩ | بوونی پلانی ساڵانە | ٥ | |
| ١٠ | بوونی تاقیگە یان هۆکارەکانی فێرکردن بۆ بەشی فێرکاری | ٥ | |
| ١١ | بوونی کەل و پەلی راهێنان و هۆیەکانی فێرکردن بۆ بەشەکانی پیشەیی | ٥ | |
| ١٢ | فریاگوزاری تەندروستی | ٥ | |
| ١٣ | بوونی وایت بۆرد داتاشۆ لە هۆڵەکان | ٥ | |
| ١٤ | پابەند بوون بە یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی | ٥ | |
| ١٥ | بوونی ژووری کارگێری | ٥ | |
| ١٦ | دانانی کامیرای چاودێری بۆ شوێنە هەستیارەکان | ٥ | |
| ١٧ | بوونی دەرچووی پیشەیی لە ناو پەیمانگا وەك فەرمانبەر | ٥ | |
| ١٨ | هەبوونی تابلۆی پەیمانگە بەپێی رێنماییەکان (لە فۆرمی ژمارە ٦ دیاری کراوە) | ٥ | |
| ١٩ | هۆڵی خوێندن بە پێی رێنمایی بۆ هەر فێر خوازێك ١,٥ م | ٥ | |
| ٢٠ | هەبوونی تۆمارەکان | ٥ | |
| | کۆی گشتی | ١٠٠ | کۆی گشتی |

ئەندام ئەندام سەرۆك لێژنە

فۆرمی ژمارە (٦)

## تابلۆی پەیمانگەیی فێرکاری و پیشەیی ناحکومی

| لۆگۆی پەیمانگە | حکومەتی هەرێمی کوردستان<br>وەزارەتی پەروەردە<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی ............<br>پەیمانگای فێرکاری و پیشەیی ناحکومی ( )<br>ژمارەی مۆڵەت ( )ساڵی ( ) دامەزراوە | لۆگۆی وەزارەت |
|---|---|---|

١-بەزمانی کوردی لە سەرەوە بنوسرێت وە لە هەمان کات ئازادن بەهەر زمانێکی تر بینوسن لە ژێرەوە.

٢-پانی تایتل (ا) مەتر و درێژییەکەی لە (٣) مەتر بچوکتر نەبێت.

٣- ڕەنگی تایتل سپی دەبێت وە بەڕەنگی ڕەش لەسەری دەنوسرێت.

---

فۆرمی ژمارە (٧)

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی ......................................

| ز | ناوی پەیمانگا | ناوی خول | ڕێککەوتی دەست پێکردنی خول | ژمارەی بەشداربوان | نێر | مێ | ڕێککەوتی کۆتایی خول |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | | | |
| ٢ | | | | | | | |
| ٣ | | | | | | | |
| ٤ | | | | | | | |
| ٥ | | | | | | | |
| ٦ | | | | | | | |
| ٧ | | | | | | | |
| ٨ | | | | | | | |
| ٩ | | | | | | | |
| ١٠ | | | | | | | |

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە:٥٢٩٣ لە ٢٠٢٠/٦/٧**

پاڵپشت بەحوکمەکانی هەردوو بڕگەی (١٢ و ٢٠) لە ماددەی (٢)ی یاسای وەزارەتی تەندروستی (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٦ و ڕێنمایی ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠١٤ بەم شێوەی خوارەوە :

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**ڕێنمایی تایبەت بە هەموارکردنی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦ و ڕێنمایی ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠١٤**

**یەکەم : هەموارکردنی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦**

أ- هەموارکردنەوەی ماددەی (٣)لە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦ بەم شێوەی خوارەوە لە رووی رووبەر و کوالێتی کۆگای کۆمپانیاکانی پێداویستی پزیشکی و تاقیگەیی و ددان :

١- رووبەری کۆگا نابێت لە (٢٠٠) م کەمتر بێت.

٢-هەبوونی ڕووبەرێکی خاوێن لە هاتنە ژوورەوەی کۆگا بە جۆرێک لە (٢م) کەمتر نەبێت.

٣-ڕووپۆشی زەوی کۆگا بکرێت بە مادەی ئیپوکسی یان ( کاشی مرمر یاخود گرانێت)

٤- پێویستە ژورێکی کارگیری لە کۆگا هەبێت بۆ کارەکارگیریەکان و گشت بەلگەنامەکانی تایبەت بە پێداویستی پزیشکیەکان لە سیستەمێکی کۆمپیتەریدا داخیل بکرێت.

٥- کۆنترۆلی پلەی گەرمی و شێ بکرێت بە ڕێگەی ئامێری (داتالۆگ) بۆ تۆماری (٢٤) کاتژمێری پلەی گەرمی شێ لە هەموو بەشەکانی کۆگا کە توانای خەزن کردنی هەبێت بۆ ماوەی (١) یەک مانگ وە پێویسە پلەی گەرمی لە (٢٥) پلە تێپەر نەکات و رادەی شێ لە (٦٥) زیاتر نەبێت بۆ هەموو بەشەکانی کۆگا.

٦- دابین کردنی کارەبا بە شێوەی (٢٤) کاتژمێری لە ڕێگەی کارەبایی نیشتیمانی یان مۆلیدەی گونجاو لە رووی تواناوە.

٧- ڕێکخستنی شوێنی داخل کردنی باری پێداویستی پزیشکی و تاقیگەی و ددان لە دەرگای سەرەکی کۆگا بە جۆریک بارهەلگرەکە نابێت بچێتە ناو هۆلی کۆگا.

٨- پێویستی کۆگای سارد کەرەوەی هەبێت پلەی گەرمی لە نێوان (٢-٨) پلە بێت ئەگەر هاتوو کۆمپانیا ئەم پێداویستی پزیشکانەی هەبێت کە پێویستیان بەم پلە هەیە.

٩- دانانی رەفەی تایبەت بۆ دانانی پێداویستی پزیشکی و تاقیگەی و ددان بە شێوەیی زانستیانە و ستاندارت وەبە شێوەیەک کە لە (١٠)سم لە زەوی بەرزبێت و (٣٠)سم لە دیوار دوور بێت.

١٠- سیستەمی ئاگر کوژێنەوە هەبێت بەپێی ڕێنماییەکانی (بەرێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی).

١١- جێبەجێ کردنی قەلاچۆکردنی سیستەمی زیندەوەر و بەکار هێنانی ئامێر و پێداویستیەکانی کۆنترۆلی تەندروست بۆ زیندەوەرەکان.

١٢- شێوازی رووناک کەرەوە لە ناو کۆگا داپۆشراو بێت.

١٣- بەشەکانی وەرگرتن ، کۆگاکردن ، ناردنی پێداویستی پزیشکی ناکۆک – لێک جیاکرێنەوە .

١٤- جیاکردنەوەی کەل و پەل و پێداویستی پزیشکی و تاقیگەیی و ددان کە (سریع اشتعال) ن لە شوێنیکی تایبەت هەڵبگیرێت لە کۆگا.

١٥- ژوورێکی تایبەت هەبێت بۆ دانانی (کەل و پەل و پێداویستی پزیشکی و تاقیگەیی و ددان ) ماوە بەسەر چووی تێدا هەڵبگیرێت.

١٦- تەواوی زانیاری پێداویستی پزیشکی و تاقیگەیی پێداویستی پزیشکی ددان لەسەر هەرکارتۆنیک (ایتمێک) بە کۆد بنوسرێت.

١٧- خواردن و خواردنەوە لە ناو کۆگا قەدەغەیە.

١٨- پێویستە کامیرەی چاودێری لە ناو کۆگا هەبێت بە جۆریک کۆنترۆلی هەموو بەشەکانی کۆگا بکات.

ب/ هەموار کردنی ماددەی (١٥) خاڵی (٤ ) (پ)لە رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦ بەم شێوەی خوارەوە لە رووی رووبەر و کوالێتی کۆگایی ئامێری پزیشکی .

١- رووبەری کۆگا نابێت لە (١٠٠) م کەمتر بیت .

٢- هەبوونی ڕووبەرێکی خاوێن لە هاتنە ژوورەوەی کۆگا بە جۆرێک لە (٢م) کەمتر نەبێت.

٣- ڕووپۆشی زەوی کۆگا بکرێت بە مادەی ئیپوکسی یان ( کاشی مرمر یاخود گرانێت) .

٤- پێویستە ژورێکی کارگێری لە کۆگا هەبێت بۆ کارە کارگێرییەکان و گشت بەڵگەنامەکانی تایبەت بە ئامێرە پزیشکیەکان لە سیستەمێکی کۆمپیتەریدا داخیل بکرێت.

٥- دابین کردنی کارەبا بە شێوەی (٢٤) کاتژمێری لە رێگەی کارەبایی نیشتیمانی یان مۆلیدەی گونجاو لە رووی تواناوە.

٦- رێکخستنی شوێنی داخل کردنی باری ئامێری پزیشکی لە دەرگای سەرەکی کۆگا بە جۆریک بارهەلگرەکە نابێت بچێتە ناو هۆلی کۆگا.

٧- سیستەمی ئاگر کوژێنەوە هەبێت بەپێی رێنماییەکانی (بەرێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی).

٨- جێ بەجێ کردنی قەلاچۆکردنی سیستەمی زیندەوەر و بەکار هێنانی ئامێر و پێداویستیەکانی کۆنترۆلی تەندروست بۆ زیندەوەرەکان.

٩- شێوازی رووناک کەرەوە لە ناو کۆگا داپۆشراو بێت.

١٠-تەواوی زانیاری ئامێری پزیشک لەسەر هەرکارتۆنیک (ایتمێک) بە کۆد بنوسرێت.

١١- خواردن و خواردنەوە لە ناو کۆگا قەدەغەیە.

١٢-پێویستە کامیرەی چاودێری لە ناو کۆگا هەبێت بەجۆریک کۆنترۆلی هەموو بەشەکانی کۆگا بکات.

**دووەم: هەموارکردنی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٤**

بەپێی ئەم بڕگە و خاڵانەی خوارەوە : هەمواری تۆمارکردن و لقی خزمەتگوزاری پزیشکی تایبەت بە کۆمپانیا نەوتیەکان

١- برگەی (دووەم) (أ) (١) کۆمپانیا پێویستە نوسینگەی تایبەتی خۆی هەبێت رووبەرەکەی لە (٢٠٠م) کەمتر نەبێت شوێنێکی گونجاوی هەبێت نەبێتە هۆی تێکدانی نیشتەجێ بوونی هاووڵاتیان.

٢- بڕگەی (دووەم) (أ) (٥) نابێت کۆمپانیا نەخۆشەکان بگوازێتەوە بۆ بنکە تەندروستیەکان و نەخۆشخانە حکومییەکان . تەنها ئەگەر هاتوو ئەو پسپۆرییە بە مەبەستی چارەسەر کردن پێویست بوو لە نەخۆشخانە تایبەتیەکان نەبوو دەتوانرێت سوود لە کەرتی گشتی وەربگیرێت.

هەمواری دامەزراندنی کۆمپانیایی خزمەتگوزاری پزیشکی گواستنەوەی نەخۆش لە ناو هەرێم .

١- خاڵی (١) (أ) نوسینگەی تایبەتی هەبێت و لە (١٠٠م) کەمتر نەبێت و نەبێتە هۆکاری تێکدانی نیشتەجێ بوونی هاووڵاتیان و شوێنی وەستانی (٣) اموبلاسی هەبێت .

٢- خاڵی (١) (پ) دەبێت کۆمپانیایەکە لە ژێر بەرپرسیارەتی پزیشک بێت بە لایەنی کەم خزمەتی لە (٥) ساڵ کەمتر نەبێت و نابێت لە کۆمپانیایەکی تر کار بکات .

٣- خاڵی (١) (ج) دەبێت پزیشکە پشتگیری سەندیکایی لایەنی پەیوەنداری هەبێت لە کوردستان.

- هەمواری ئەو کۆمپانیایانەی لە بواری خزمەتگوزاری ناردنە دەرەوەی نەخۆش

١- خاڵی (٢) پێویستە نوسینگەیەکی شیاوی هەبێت بۆ راپەراندنی کارەکان کە رووبەرەکەی لە (١٠٠م) کەمتر نەبێت و شوێنەکەی گونجاو بێت و نەبێتە هۆی تێکدانی نیشتەجێ بوونی هاووڵاتیان.

٢- خاڵی ( ٤) پێویستە کارکردنی کۆمپانیا لە ژێر چاودێری پزیشک بێت بە مەرجێک ماوەی خزمەتی کەمتر نەبێت لە (٥) ساڵ لە هەرێمی کوردستان و وێنەیەکی هەبێت لەگەل کۆمپانیا.

**سێیەم:**

پێویستە کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی دەرمان لە ماوەی (٣) مانگ دوای بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) پابەندبن بەجێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە بەپێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی بەرامبەریان دەگرێتەبەر.

**چوارەم:**

ئەم ڕێنمایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**د.سامان بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە:٥٧٨٦ لە ٢٠٢٠/٣/٩**

پاڵپشت بە و دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بە ماددەی (٥٦) لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو و ماددەی(٧)لە یاسای سزاکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ و مادده(٨٦)لە یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی٢٠١١ و ئاماژە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە(١٠٨١٧)لە ٢٠١٩/١٢/٨ و کۆنووسی دووەمین کۆبوونەوەی لیژنەی پێداچوونەوە و پێشنیارکردنی یاسا و پەیڕەو ڕێنمایی و بەیانەکانی تایبەت بە کاری وەزارەتی ناوخۆ لەرێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢٠ کە پێکهاتووە بەفەرمانی وەزاریمان ژمارە(٦٧٧ لە ٢٠٢٠/١/١٢) و بەمەبەستی ڕێکخستنی کاتژمێرکانی کارکردنی ڕۆژانەی دەوامی فەرمانبەرو ئەفسەرو کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ سەر بە میلاکی وەزارەتی ناوخۆو کاتەکانی دواکەوتن و نەهاتنی بۆ سەر کاری فەرمی و لەبەر بەرژەوەندی گشتی ، بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە :

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**ڕێنماییەکانی ڕێکخستنی دەوامی فەرمانبەری شارستانی و ئەفسەر و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ**

**ماددەی(١): پێناسەکان**

مەبەست لەم زاراو دەستەواژانەی خوارەوە کەماناکانیان بەرامبەریان هاتووە بۆ مەبەستەکانی جێبەجێ کردنی ئەم ڕێنماییانە :

١- **هەرێم** : هەرێمی کوردستان – عێراق

٢- **وەزارەت** : وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان

٣-**وەزیر:** وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان

٤- **سەرۆکی فەرمانگە** : بریکاری وەزارەت و پارێزگارو سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان و خاوەن پلە تایبەتبەتەکان و بەڕێوەبەری گشتی و ئەوانەی لەو پلەیەدان و پێکهاتەیەکی دیاریکراو بەڕێوەدەبەن یان هەر فەرمانبەرو ئەفسەرێک کە وەزیر رایدەسپێرێت بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییە.

٥- **فەرمانبەر** : فەرمانبەری شارستانی سەر بە میلاکی وەزارەتی ناوخۆ.

٦- **ئەفسەر** : ئەفسەری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ سەر بە میلاکی وەزارەتی ناوخۆ.

٧- **کارمەند**: پۆلیس و ڕێپێدراوانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ سەر بە میلاکی وەزارەتی ناوخۆ.

٨- **نەهاتنە سەرکار** : نەهاتنی فەرمانبەرو ئەفسەرو کارمەند بۆ سەرکاری فەرمی ڕۆژانەی فەرمی لە فەرمانگەکەی.

٩- **دواکەوتن لەکار:** درەنگ هاتن و زوو چوونەوەی فەرمانبەر و ئەفسەرو کارمەند لە کاتژمێرە بڕیاردراوەکانی رۆژانی کارکردنی لە دەوامی فەرمی لە فەرمانگەکەی.

١٠- **مۆڵەتی فەرمی:** گشت جۆرە مۆڵەتەکانی (بەمووچە، بێ مووچە، نەخۆشی، خوێندن، شاندکردن، عمرە، هاوسەرگیری، بەخێوکەر و دایکایەتی) کە بەفەرمی وەردەگیرێن بەپێی یاساو رێنماییە کارپێکراوەکان.

**ماددەی(٢): دەبێت فەرمانبەرو ئەفسەرو کارمەند پابەند بێت بە:**

١- ئامادەبوون لە شوێنی کار و فەرمانگەکەی و چوونەوەی بەپێی کاتژمێرەکانی کارکردن کە لە ماددەی سێیەمی ئەم رێنماییەدا هاتووە.

٢- بەجێنەهێشتنی فەرمانگەکەی لەکاتی دەوامی فەرمی بەپێی کاتژمێرەکانی کارکردن کە لە ماددەی سێیەمی ئەم رێنماییەدا هاتووە تەنیا بە وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی نەبێت.

**ماددەی(٣): کاتژمێرەکانی کارکردنی رۆژانەی دەوامی فەرمی**

١- کاتژمێرەکانی کارکردنی هەفتانەی فەرمانبەر بریتییە لە (٣٤) کاتژمێر بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- دەوامی فەرمی رۆژانە لە کاتژمێر (٨:٠٠)ی بەیانی دەستپێدەکات بۆ گشت رۆژانی هەفتە جگە لە شەممەو هەینی.

ب- دەوامی فەرمی رۆژانە لە کاتژمێر (٣:٠٠)ی دوای نیوەڕو لە رۆژانی (یەکشەممە، دووشەممە، سێشەممە، چوارشەممە، پێنج شەممە) و لە کاتژمێر (٢:٠٠)ی پاش نیوەڕۆ لە رۆژی پێنجشەممە کۆتایی دێت.

ت- ماوەی چاوپۆشیکردن (سماح) بۆ هاتنە سەرکار و دەستبەردان لەکاری فەرمانبەرو ئەفسەرو کارمەند تەنیا (١٥) خولەک دەبێت لەدوای ئەم کاتە کاتەکانی دواکەوتن و زوو چوونەوە ئەژماردەکرێت بەشێوەی نابێت دواى (٨:١٥ بەیانی)و پێش (٢:٤٥ و ١:٤٥) بۆ رۆژانی پێنجشەممە) بێت.

٢- لەکاتی کەمکردنەوەی کاتژمێرەکانی دەوامی فەرمی برگە١ی سەرەوە لە مانگی رەمەزان یان بەهەر هۆکارێکی دیکە ئەوا کار بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەم مەبەستە کە لەوکات دەردەچێت.

٣- بۆ وەزیر یان سەرۆکی فەرمانگە هەیە بە دیاریکردنی کاتەکانی دوای دەوامی فەرمیی بۆ ئەو فەرمانگانەی پێویستیان بە مناوبە هەیە وەکو فەرمانگەکانی (پۆلیسی پاسەوانی، پاسەپۆرت و کارتی نیشتیمانی و نشینگە، پۆلیسی فریاکەوتن و ئێشکگری و بەرگری شارستانی و ئەو فەرمانگانەی کە پێویست بە مناوبەو دەوامیئۆیواران دەکات) بەمەرجێک هەفتانە لە (٣٤) کاتژمێر کەمتر نەبێت لە هەفتەیەکدا بەپێی مادده ٥٦ی یاسای راژەی شارستانی ژمارە ٢٤ی ساڵی ١٩٦٠ هەموار کراوو و مادەی ٨٦ لە یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٨ی ساڵی ٢٠١١.

**ماددەی(٤): نەهاتن (غیاب) و دواکەوتن (تأخر) و زوو چوونەوە لە کارەکەی**

١- هەر فەرمانبەر و ئەفسەرو کارمەندێک پابەند نەبێت بەکاتژمێرەکانی هاتن و چوون بۆ سەرکار کە لە بڕگە١ی ماددەی سێیەمی ئەم ڕێنماییەدا هاتووە ئەوا بارتەقای کاتژمێرە دواکەوتوو و زوو چوونەوەکان بۆی دەکرێت بە مۆڵەتی بێ مووچە بەشێوەی کۆکراوەی (٧) کاتژمێر بە ڕۆژێک بەپێی یاساو ڕێنماییە کارپێکراوەکان و لەکاتی دووبارەبوونەوەی بۆ ماوەی زیاتر لە ( ٨) کاتژمێری کۆکراوە لە مانگێکدا ئەوا بەپێی یاساو ڕێنماییەکان رەفتاری لەگەڵدا دەکرێت.

٢- لەحاڵەتی نەهاتنی فەرمانبەر و ئەفسەرو کارمەند بەدرێژایی ڕۆژی دەوامی فەرمی بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی لە وەزیر یان سەرۆکی فەرمانگە و ئەوا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت بەپێی یاسای ڕێککاری فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ هەموار کراو (دەربارەی فەرمانبەرانی شارستانی) و یاسای سزاکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ (دەربارەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ) و گشت یاساو ڕێنماییە کارپێکراوەکان.

٣- بڕگە (٢)ی سەرەوە ئەو فەرمانبەر و ئەفسەرو کارمەندانە ناگرێتەوە کە بەکاری فەرمی فەرمانگەکانیان و ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی فەرمی و شاندکردن بەمەرجێک بە نووسراوی فەرمی بێت و جۆر و سروشتی کارەکەی لە نووسراوەکە دیاریکرا بێت.

**ماددەی(٥): مۆڵەتە فەرمییەکان**

وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی وئاسایی بۆ ماوەی ڕۆژێک یان زیاتر دەدرێت بە فەرمانبەر و ئەفسەر و کارمەند بۆ کاری تایبەتی خۆی بەپێی یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ و یاسای خزمەتی شارشتانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو و ڕێنماییە کارپێکراوەکان بەشێوەی نووسراو و لەسەرداواکاری خودی خۆی بەپێی **(فۆڕمی مۆڵەتی ئاسایی هاوپێچ)** بەمەرجێک فەرمانبەر و ئەفسەرو کارمەندێکی دیکە کارەکانی لەماوەی مۆلەتەکەی ڕاپەڕێنێت.

**ماددەی(٦): مۆڵەتی کاتی تایبەت و فەرمی**

**یەکەم:** مۆڵەتی کاتی تایبەت بۆ کاری تایبەتی خودی فەرمانبەر و ئەفسەرو کارمەند:

١- ئەم مۆڵەتە دەدرێتە فەرمانبەر لەسەر داواکاری خودی فەرمانبەر و ئەفسەرو کارمەند بۆ ماوەی (٢) جار لە هەفتەیەکدا و لە (٣) کاتژمێر تێپەڕنەکات بەمەرجێک فەرمانبەر و ئەفسەرو کارمەندێکی دیکە کارەکانی لەماوەی مۆلەتەکەی ڕاپەڕێنێت بەپێی **(فۆڕمی مۆڵەتی کاتی هاوپێچ)** کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.

٢- ئەگەر مۆڵەتی بڕگە (١ لە ٣)کاتژمێر تێپەڕبکات بۆ یەک مۆڵەتی کاتی ئەوا بەڕۆژێک ئەژمار دەکرێت.

٣- کۆکراوەی ئەم مۆڵەتانەی بڕگەکانی(١ و ٢)ی سەرەوە لەمانگێکدا بۆ هەر (٧) کاتژمێر یەک رۆژ لە مۆڵەتی کەڵەکەبووی دادەبەزێندرێت.

٤- دەبێت مۆڵەتەکە لە هەمان رۆژی پێشکەشکردنی دەربچێت.

٥- مۆڵەتی کاتی بۆ دەسپێکی کاتی دەستپێکردنی دەوامی فەرمی دەبێت لە رۆژی پێشتر پێشکەش بکرێت و رەزامەندی بدرێت لەلایەن سەرۆکای فەرمانگەکەی تەنیا ئەگەر هۆکارێکی بەدەر لە دەسەڵاتی فەرمانبەرو ئەفسەرو کارمەند بێت.

٦- ئەم مۆڵەتە کۆنترۆڵ دەکرێت بە هۆی ئامێری ئەلیکترۆنی بۆ هاتن و چوونی فەرمانبەرو ئەفسەرو کارمەند.

**دووەم:** مۆڵەتی کاتی فەرمی بۆ کاری تایبەتی فەرمانگە:

١- ئەم مۆڵەتە تەنیا بۆ راپەڕاندنی کاری فەرمی فەرمانگەکەی دەبێت و لە **فۆڕمی مۆڵەتی کاتی هاوپێچ** جۆرو سروشتی کارە فەرمییەکە دیاری بکرێت.

٢- ئەم مۆڵەتە ئەژمار ناکرێت و لە مۆڵەتی کۆکراوەی کەم ناکرێتەوە.

**ماددەی(٧):**

دەبێت گشت فەرمانگەکان تۆماری هاتن و چوونی ئەلیکترۆنی لە پرسگەی فەرمانگەکانیان دابنێن بۆ ماوەی کاتژمێرەکانی کە لە ماددەی سێیەمی ئەم رێنماییە بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەم رێنماییە.

**١-** دەبێت مانگانە ئاماری هاتن و نەهاتن و دەرچوونی فەرمانبەر و ئەفسەرو کارمەند لەلایەن پرسگەوە پێشکەش بە سەرووی خۆی بکرێت.

**ماددەی(٨):**

لەسەر سەرۆکی فەرمانگەکانە ئەم رێنماییە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی(٩):**

ئەم رێنماییـــانە جیبەجـــێ دەکرێـــت لە رێکەوتـــی دەرچـــوونییەوەو بڵاوبـــوونەوەی لە ڕۆژنـــامەی (وەقایعی کوردستان) .

**رێبەر أحمد**
**وەزیری ناوخۆ**

**فۆرمی مۆڵەتی ئاسایی**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ناوی فەرمانبەر | | بەڕێوەبەرایەتی | |
| ناونیشانی فەرمانبەریەتی | | بەش / هۆبە | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ماوەی مۆڵەتی داواکراو | (   ) ڕۆژ | ئەوەی بەکارەکە هەڵدەستێ | |
| بەرواری مۆڵەتی داواکراو | (   ) | | |
| پشتیوانی کەڵەکەبوو | (   ) ڕۆژ | واژووی فەرمانبەر | |
| هۆکاری مۆڵەت وەرگرتن | | | |

پشتگیری لێپرسراوی بەش:- بەروار:-

پشتگیری بەڕێوەبەری بەڕێوەبەراتی بەروار:-

پەسندی بەڕێوەبەری گشتی دیوان:- بەروار:-

---

**فۆرمی مۆلەتی کاتی**

ناوسیانی:-.........................................

ناونیشان:-.........................................

شوێنی کارکردن:-...................................

ژمارەی مۆڵەتی لەم هەفتەیەدا:-.....................

ماوەی مۆڵەت:- لە کاتژمێر........... تاکو کاتژمێر.............

ڕێکەوتی دوایین مۆڵەت:-.......................................

بۆکاری: تایبەت (خودی خۆی) فەرمی

جۆری کارە فەرمیەکەی:-.................................... ڕێکەوتی مۆلەت :-.....................................

**فەرمانبەر بەرپرسی ڕاستەوخۆی فەرمانبەر بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبەری گشتی دیوان**

**تێبینی:-**

١- لەکاتی مۆڵەت دانی کاتی (کاری خۆی) دەبێت لە تۆماری پەنجەمۆر، کاتی دەرچوون و هاتنەژوورەوەی تۆماربکرێت بە پێچەوانە و بە ئامادە نەبوو ئەژمار دەکرێت.

٢- ئەم مۆلەتدانە بە فەرمانبەر دەدرێت بۆ کاری تایبەتی خۆی و کاری فەرمی وەزارەت.

٣- فەرمانبەر و ئەفسەر و کارمەندان لە هەفتەیەک دووجار مافی مۆڵەتی کاتی هەیە ئەگەر بۆ کاری تایبەتی خۆی بێت و نابێت زیاتر بکات و بەڵام بۆ کاری وەزارەت بەپێی سروشتی کاری وەزارەت.